# ڕۆڵی باخچە ناحکومییەکان لە گەشەپێدانی بەهای کۆمەڵایەتی لای منداڵان لە تێروانینی مامۆستایانەوە لە ناوەندی شاری سلێمانی

د.شێرزاد علي احمد
کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەت - زانکۆی گەرمیان
sherzad.ali@garmian.edu.krd
شێنێ خلیل معروف
Shenekhalil٢٥@gmail.com

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٤\٧\٢١ ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە:٢٠٢٤\٨\٦

**پوختەی توێژینەوە :**

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی (ڕۆڵی باخچە ناحکومییەکان لە گەشەپێدانی بەهای کۆمەڵایەتی لای منداڵان لە تێروانینی مامۆستایانەوە لە ناوەندی شاری سلێمانی)، بە گرتنەبەری میتۆدی وەسفی شیکاریی لەڕێگەی ئامادەکردنی فۆرمێکی ڕاپرسییەوە، کە توێژەران هەستاون بە ئامادەکردنی بە سود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی دیکەی نزیك لە ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە، پاش دڵنیابوون لە ڕاستی و درووستی ئامرازی توێژینەوەکە، توێژەران هەستان بەجێبەجێکردنی لەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیبوو لە باخچە ناحکومیەکان لە ناوەندی شاری سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣-٢٠٢٤، کە ژمارەیان (٣١) باخچەی ناحکومییە، بژاردەی توێژینەوەکەی بریتی بوو لە (٧) باخچەی ناحکومی کە مۆڵەتی فەرمیان هەیە لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دابەش ببووبن بە شوێنە جیاوازەکانی شاری سلێمانی، گرنگترین ئامرازە ئامارییە بەکارهاتوەکان پێکاتبوون لە هاوکۆلکەی ئاماری جتمان، هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن، ناوەندی شیاوی و کێشی سەدی، گرنگترین ئەنجامەکانیش بریتی بوون لە:

- باخچە ناحکومیەکان گرنگی زۆر بە لایەنی ئەتەکێت و بەهای منداڵان دەدەن و ئەمەش وایکردووە منداڵان لەڕووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرکەوتووبن.
- پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەنێوان منداڵانی باخچەی ناحکومی لە ئاسێکی بەرزدایە.
- مامۆستایان گرنگی زۆر بەلایەنی بەهای کۆمەڵایەتی منداڵان دەدەن.

لەکۆتاییدا توێژەران چەند ڕاسپاردە و پێشنیازێکیان ختسەڕوو.

کلیلی وشەکان: (ڕۆڵی، باخچە ناحکومیەکان، بەهای کۆمەڵایەتی، شاری سلێمانی)

## ١ بەشی یەکەم/ ناساندنی توێژینەوەکە

### ١-١ گرفتی توێژینەوەکە (مشكلة البحث):

دەروونزانان تەمەنی (٥) ساڵی کە منداڵانی قۆناغی باخچە دەگرێتەوە، زۆر بەگرنگ دەزانن و پێیان وایە کەسێتی مرۆڤ لەو ساڵانەی تەمەندا دروستدەبێت، ئەگەر کەموکورتیەك لەم قۆناغەی ژیانی منداڵدا ڕوووبدات ئەوا کاریگەری خراپی لەسەر کەسایەتی منداڵ دەبێت دواجار کاریگەری لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەکەشی دەبێت (قەرەچەتانی،٢٠٠٩: ١٣٧).

بەهۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان و پێشکەوتنی زانست و زانیاری لە سەرجەم بوارەکاندا، هەروەها زیادبونی لێکۆڵینەوەکان لە وڵاتانی جیهان، لە کوردستانیش پێویستمان بە توێژینەوە هەیە لە هەموو بوارەکاندا بەتایبەت توێژینەوەی پەروەردەیی بەهۆی کەمی زانیاریمان لەم بوارەدا (احمد، ٢٠١٦: ٢).

بە لەبەرچاوگرتنی ئەرک و ڕۆڵی مامۆستا لەپەرەپێدانی ڕەهەندە وجودییەکانی منداڵان و پەروەردەکردنی سەرچاوە مرۆییەکانی هەموو کۆمەڵگەیەک مامۆستا خاڵی دەستپێکی هەموو گۆڕانکارییەکی پەروەردەی و دروستبوونی جیهانیکی نوێیە (قنبرلو و ئەوانی تر، ٢٠١٤: ٣١)

ئەگەر باخچە ناحکومییەکان کەرەستە و ئامرازە پێویستەکانی پەیویست بەگەشەی منداڵانی تێدا نەبێت وەك پسپۆڕانی بواری پەروەردە و دەروونی پێیان وایە گەشە بە لایەنی کۆمەڵایەتی نادرێت، کە دەبێتە هۆی کاریگەری لەسەر قۆناغەکانی تری ژیانی لەداهاتوودا، توێژەران کێشەی توێژینەوەکەیان لەڕێگەی پرسیارێکەوە دەخەنە ڕوو:

- ئایا باخچە ناحکومیەکان لە ناوەندی شاری سلێمانی ڕۆلیان هەیە لە گەشەپێدانی بەهای کۆمەڵایەتی لای منداڵان؟

**٢-١ گرنگی توێژینەوەکە (أهمیة البحث):**

گرنگیدان بە منداڵان بووەتە یەکێك لە کارە سەرەکییەکانی هەر کۆمەڵگایەك، لە زۆربەی وڵاتانی جیهان پێشکەوتنی کۆمەڵگا بەستراوەتەوە بە گرنگیدان بە منداڵانی وڵاتەکەیەوە، بەتایبەت دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی منداڵان لە ساڵی ١٩٩١ز، بەستنی چەندین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی و لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی و ناوچەی سەبارەت بە مافەکانی منداڵانی پێش چوونە قوتابخانە (المرسومي، ٢٠٠٨: ٨).

دامەزراوەکانی باخچەی منداڵان ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕن لە پشتگیریکردنی ژیانی منداڵ لە ئێستا و داهاتوودا، شوێنێکە بۆ دەربڕینی بۆچوونی منداڵ و دەتوانێ ئارەزووەکانی بەدیبهێنێت و خولیاکانی پراکتیزە بکات (مسعود، ٢٠٠٥: ٧٦).

هەرچەندە قۆناغی باخچە پابەندێتی نییە و ئامادەکارییە بۆ قۆناغی چوونە قوتابخانە (حکومەتی هەرێمی کوردستان،٢٠٢١: ٣)، بەڵام (٥) ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵ قۆناغێکی گرنگە، چونکە بە هەنگاوی یەکەم دادەنرێ لەگەشەی مەعریفی لای منداڵ و گەشەکردنی هەردوو توانستی وەرگرتن و فێربوون (حمەبابان وئەوانیتر،٢٠١٨: ٥٠).

توێژەران گرنگی توێژینەوەکەیان لەم خاڵانەی خوارەوە دەخەنەڕوو :

- لەبەر ئەوەی توێژینەوەکە مەیدانییە ئەنجامی توێژینەوەکە گرنگە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکانی ناوچەکە بۆ ئاشناکردنیان بە لایەنە لاواز و بەهێزەکانی خوێندنی ناحکومی لەسنوری ناوچەی توێژینەوەکە.
- ئەنجامەکانی توێژینەوەکە سودبەخش و گرنگە بۆ دایەبابەی منداڵان و دانیشتوانی سنووری توێژینەوەکە بەوەی تاچەند متمانەیان بە پەروەردەی ناحکومی هەبێت.

**٣-١ ئامانجی توێژینەوە (أهداف البحث):**

زانینی (ڕۆڵی باخچە ناحکومییەکان لە گەشەپێدانی بەهای کۆمەڵایەتی لای منداڵان لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە لە ١ناوەندی شاری سلێمانی).

**٤-١ سنوری توێژینەوەکە (حدود البحث ):**

- سنووری شوێن : بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی.
- سنووری مرۆیی : مامۆستایانی باخچەی منداڵانی ناحکومی لە ناوەندی شاری سلێمانی.
- سنووری کات : سالی خوێندن (٢٠٢٣-٢٠٢٤).
- سنووری بابەت : گەشەپێدانی بەهای کۆمەڵایەتی منداڵانی باخچە.

**-٥ پێناسەی زاراوەکان (تعريف المصطلحات):**

**١ - ٥ – ١ ڕۆڵ (دور):**

- **(اسماعيل، ٢٠٠٩) :** بریتییە لە کۆمەڵە چالاکیەکی پەیوەندیدار یان چوارچێوەیەکە بۆ هەندێ ڕەفتار بۆ هێنانەدی ئامانجێك، کە لە هەندێ بارودۆخدا چاوەڕواندەکرێت بەدیبهێنرێت (اسماعيل، ٢٠٠٩: ٢٨٦).
- **(معلوف وعوامرة، ٢٠١٨):** بریتییە لە کۆمەڵێك چالاکی مەبەستدار و ئامانجدار، کە چاوەڕوان دەکرێت تاکێك ئەنجامی بدات و دەتوانرێت پێوانە بکرێت (معلوف وعوامرة، ٢٠١٨: ١٨٢).
- **پێناسەی ڕێکاری توێژەران:** بریتییە لە کۆمەڵە ئەرکێك، کە بەهۆی چالاکییە پەروەردەییەکانەوە بەدەستدەهێنرێت لە باخچەی منداڵانی ناحکومی بەمەبەستی گەشەپێدانی بەهای کۆمەڵایەتی لای منداڵان.

**١ - ٥ - ٢ باخچەی منداڵانی ناحکومی (رياض الاطفال الغير الحكومية):**

- **(الشمري، ٢٠٠٨):** بریتییە دامەزراوەیەکی پەروەردەیی کۆمەڵایەتی کەرتی تایبەتە، کە بەشداریدەکات لە پەروەردەکردنی منداڵان و تایبەت کراوە بۆ پەروەردەکردنی منداڵی تەمەن (٣ - ٦) ساڵ، کە ئامانجیان فێرکردنی بەهایی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی منداڵە (الشمري، ٢٠٠٨ : ١٧).
- **(جرادات، ٢٠١٩):** بریتییە لە دەزگایەکی فێرکاریی و پەروەردەیی سەربەخۆ، کە ئامانجیان یارمەتیدانی منداڵە لە ڕووی بنیاتنانی و کەسێتییەوە (جرادات، ٢٠١٩: ١١٢).
- **پێناسەی ڕێکاری توێژەران:** بریتییە لە دامەزراوەیەکی پەروەردەییە بۆ منداڵانی پێش چوونە قوتابخانە، مۆڵەتیان پێدراوە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتەوە، بە ئامانجی ئامادەکرنی منداڵان بۆ قۆناغی قوتابخانە و گەشەپێدانی بەها کۆمەڵایەتییەکان.

**١ – ٥ – ٣ بەهای کۆمەڵایەتی (قيم الاجتماعي):**

- **(الطاهر والمعماري، ٢٠١٤):** بریتییە لە کۆمەڵە بەها و ستانداردێکی گشتی کە زۆرینەی تاکەکان باوەڕیان پێی هەیە، ئەم بەهایانەش لەڕێگەی پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردنی منداڵانەوە لە پەروەردەی فەرمی و نافەرمیدا ڕەنگیداوەتەوە (الطاهر والمعماري، ٢٠١٤: ٢٣).
- **(عمر، ٢٠٢٢):** بریتییە لەو کۆمەڵە بنەما و ستانداردانەی لە هەر کۆمەڵگایەکدا پەیرەوی لێدەکرێت بەگوێرەی بۆچوونی گونجاوی کۆمەڵگاکە، کە لەڕێگەی ئەزموونەوە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەگەیەندرێت بە منداڵان (عمر، ٢٠٢٢: ٨٢٢).

- **پێناسەی ڕێکاری توێژەران:** بریتییە لە کۆمەڵە دانراوێکی هەر کۆمەڵگایەك، کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کلتور و دابونەریتی کۆمەڵایەتی و ئاینی ئەو کۆمەڵگایە، لە ڕێگەی خێزان و پاشان باخچەی منداڵانەوە هەوڵی بەدیهێنانی دەدرێت لای منداڵان.

**١-٥-٤ شاری سلێمانی (مدينة السليمانية):**

- **(الموسوعه العريقه، ٢٠٢٤):** شارێکی عێراقییە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق لە هەرێمی کوردستان، دەکەوێتە بەرزایی (٢٨٩٥) پێ لە ئاستی ڕووی دەریاوە، سروشتی شاخاوی لە پارێزگاکەدا زاڵە، شارەکە لە ساڵی (١٧٨٤) ز لەلایەن ئیبراهیم پاشای بابانەوە دامەزراوە (الموسوعه العريقه، ٢٠٢٤).
- **(چرمگا، ١٩٧٨):** شاری سلێمانی لە ساڵی ١٧٨٤ بنیاتنراوە بۆ پایتەختی میرنشینی بابان، لە سەدەی نۆزدە و بست شاری سلێمانی ناوەندێکی ڕۆشنبیری بووە بۆ ڕۆشنبیران و سەرهەڵدانی بزووتنەوە نیشتیمانییەکان (چرمگا، ١٩٧٨: ٥).
- **پێناسەی ڕێکاری توێژەران:** بریتییە لە پارێزگایەکی هەرێمی کوردستان، کە لە ئێستادا پایتەختی ڕۆشنبیرییە، سنوری شوێنی توێژینەوەکە دەگرێتەوە سەبارەت بە باخچەی منداڵانی ناحکومی لە ناوەندی شارەکە.

**بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو**

**٢-١- چەمکی باخچەی منداڵان (مفهوم رياض الاطفال)**

بریتییە لەو دامەزراوانەی کە منداڵان لە تەمەنی (٤) ساڵییەوە وەردەگرن، زۆر لە توێژینەوەکان گرنگی خۆیان لە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی منداڵدا پشتڕاستکردووەتەوە، بەجۆرێك کە بەشدارن لە دروستبوونی چەمك و بەهاو ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان (رفيقة، ٢٠١٤: ١٠).

منداڵان لەم قۆناغەدا پێویستیان بە هاندانی بەردەوام هەیە لە لایەن بەرپرسانی ئەم دامەزراوانەوە، ئەمەش بۆ پەرەپێدانی بەهای کۆمەڵایەتی و چاندنی گیانی هاوکاری و کار پێکەوەیی و باوەربەخۆبوون بەدەستهێنانی چەندین لێهاتویی لەڕووی زمانەوانی و هەڵویستی دروست (السماحي واخرون، ٢٠٢٠: ١٢٤٤).

**٢-٢- باخچەی منداڵانی ناحکومی (رياض الاطفال غير الحكومية)**

بریتیە لەو دامەزراوە پەروەردەییە کەلەلایەن کەرتی تایبەتەوە یان ڕێکخراوە خێرخوازییەکانەوە بەڕێوەدەبرێت لە قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە، ئەو منداڵانە وەردەگرێت کە تەمەنیان لەنێوان (٤-٥) ساڵیدایە، خوێندن تێدا بە دوو قۆناغ بەڕێوەدەچێت (وزارة التربية، ٢٠٠٧: ١٩١).

ئەو دوو ساڵە تایبەتمەندە بە بەردەستبوونی چالاکی و یاریکردنی ڕێکخراو کە گەشە بە بەها کۆمەڵایەتییە تایبەتەکان دەدات لە ڕێگەی ڕاهێنانکردن بە منداڵان بۆ ئەوەی لە گروپێکی هەماهەنگ و هاوسەنگدا پێکەوە کاربکەن، هەروەها ئەو ئامراز و

پرۆگرامانە هەڵدەبژێردرێت کە یارمەتیدەر دەبن بۆ گەیشتن بە گەشەکردن و پێشکەوتنی منداڵەکە کەمتر نییە لە قۆناغەکانی تری پەروەردە، ئەم قۆناغە فەلسەفەی پەروەردەیی و ئامانجی ڕەفتاری خۆی هەیە (الحواس، ٢٠٠٠: ٢٢٥).

بیرۆکەی باخچەی منداڵان لەسەدەی نۆزدەهەم لە ئەوروپا قۆناغ بە قۆناغ دەرکەوت لەسەردەستی دامەزرێنەرانی وەك (فردریک فرۆبلی) ئەڵمانی کە بیرۆکەکەیان گۆڕی بۆ جیهانی بەرجەستە و گرنگیدان بە منداڵان لە قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە، بۆ گەشەپێدان و چاندنی ڕەفتار و ئەتەکێتی گونجاو، بنەماکانی دامەزراندنی باخچەی منداڵان بە بۆچوونی فرۆبڵ چەند خاڵێکە، لەوانە:

١) دروستکردنی شوێنێك بۆ پەروەردەکردنی منداڵ و فێربوونی یاساکانی ژیان و گونجاندنی ڕەفتارەکانی لەگەڵ ژینگە.
٢) گەشەپێدانی هەستەکان، کە بنەمای گەشەکردنی لایەنی جەستەیی و دەروونی منداڵە.
٣) تێکەڵاوبوون لەڕێگەی یاریکردن و ئەنجامدانی چالاکی لەگەڵ منداڵانی تر بۆ گەشەپێدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی منداڵ.
٤) فێربوونی لێهاتووییە سەرەتاییەکان و گەشەپێدانی بەها کۆمەڵایەتییەکان (البوارید،٢٠٢٢: ١٠٢٣).

**٢-٣- ئامانجەکانی دامەزراندنی باخچەی منداڵانی ناحکومی**

١) بێ بەشنەبوونی منداڵان لە پەروەردەی پێش چوونە قوتابخانە.
٢) چاودێریکردنی پرۆسەی پەروەردەیی لە وڵات لەڕێگەی باخچەکانی منداڵانەوە.
٣) ئامادەکردنی نەوەیەکی خاوەن بەها و گونجاو لەرووی کۆمەڵایەتییەوە.
٤) باخچەی منداڵان بەدیلە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی بەهۆی سەرقاڵی دایکانەوە دروستبووە لە ڕۆژگاری مۆدێرن و کارکردنی دایك لەدەرەوەی خێزان.
٥) کەمکردنەوەی ئەو فشارە زۆرەی لە کەرتی حکومی دروستبوو لە باخچەکانی منداڵان (عبدالرحمن، ٢٠٠٢: ٢٨).

**٣-٢- گەشەپێدانی بەهای کۆمەڵایەتی**

بەها کۆمەڵایەتییەکان بە بۆچوونی جان پیاجیەی ڕێبەری قوتابخانەی مەعریفی بەدەستهێنانی بەهاکان لای منداڵان پەیوەندە بە گەشەکردنی ئاستی بیرکردنەوە و مەعریفەی منداڵەوە هەیە، درووستبوونی بەهاکا لەڕێگەی ئەنجامدانی ڕەفتارەکانی خودی منداڵ وەك مۆدێلێکی نوێ بۆ گونجاندنی لەگەڵ ژینگە و دەوروبەری (الحسین، ٢٠١٤: ١١٦)

بەها کۆمەڵایەتییەکان بەرهەمی ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکانە و لە ئەنجامی پرۆسەی تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتیدا پێکدێت، کە ئەندامانی کۆمەڵگا لەسەری ڕێکدەکەون بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوانیان (زویش وشطبیي،٢٠٢٢: ٣٠٣).

بەها کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازن لە ڕووی جیاوازی سیستەمی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگادا، لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بەها کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵێک بنەمای هاوبەشن لە نێوان ئەندامانی یەک کۆمەڵگەدا، کە بنەماکانی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەندامەکانی پێکدەهێنن (ملیكة، ١٩٦٤: ٧٩٦).

بەهاکان بەپێی کات و شوێن و کەس جیاوازن و تەنانەت لە کەسێکیش جیاوازن بەپێی خواست و پێویستی و ئاستەکەی، ئەوەی نەوەیەک وەک بەهایەکی ئەرێنی دەیبینێت، ڕەنگە لەلایەن نەوەیەکی دیکەوە وەک بەهایەکی ئەرێنی سەیر بکرێت، بەهاکان بەیەکەوە گرێدراون و پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، چونکە لایەنە مەعریفی و سۆزداری و ڕەفتارییەکان لەخۆدەگرن،

بەهاکان مانای ئەبستراکتیان هەیە، دوای ئەوە بەهاکان لە سەرەتادا بەرجەستە دەبن، لە مێشکی مرۆڤدا دوای ئەوەی قەناعەتی پێدەگات، ئەوا لە رەفتارەکانیدا رەنگ دەداتەوە (مجلي، ٢٠٠٩: ٧٢).

**٢-٤- توێژینەوەکانی پێشوو**

١) توێژینەوەی (علي، سليم، ٢٠١٨)

ئامانجی توێژینەوەکە زانینی پلانی پەروەردەیی باخچەی منداڵانی ناحکومی و حکومی لە عێراق،

توێژەران میتۆدی وەسفی شیکارییان بەکارهێناوە بۆ توێژینەوەکەیان، سەبارەت بە ئامرازی توێژینەوەکە توێژەران ئامرازێکیان بۆ پێوانەکردنی پلانەکە دروستکرد لەسەر خزمەتگوزاری پەروەردەیی بۆ باخچەی ساوایانی ناحکومی و حکومی.

بژاردەی توێژینەوەکەیان پێکهاتبوو لە (٥٩) مامۆستای باخچەی منداڵانی ناحکومی و (١٥٠) مامۆستای باخچەی منداڵانی حکومی لە شاری بەغداد.

لە کۆتاییدا توێژەران گەیشتن بەم دەرئەنجامانە، باخچەی منداڵانی ناحکومی چێژ لە پلانێکی پەروەردەیی وەردەگرن کە بەشدارە لە کارلێکی پۆلدا، کەموکورتی لە پلانی خوێندن لە باخچەی منداڵانی حکومی هەیە (علي، سليم، ٢٠١٨: ١٦٦).

٢) (معلوف، عوامرة، ٢٠١٨)

ئامانجی توێژینەوەکە زانینی رۆڵی باخچەکانی منداڵان لە چاندنی بەهاکانی پەروەردەی رەوشتی لە منداڵەکانیاندا لە روانگەی مامۆستا و بەڕێوەبەرەکانەوە لە پارێزگای عەممانی پایتەخت، توێژەران میتۆدی وەسفی شیکارییان بەکارهێناوە بۆ توێژینەوەکەیان، بژاردەی توێژینەوەکەیان بریتی بوو لە (٣٨٠) بەڕێوەبەر و مامۆستا لە باخچەی منداڵانی حکومی و ناحکومی، کە لە نێوان (٧٥) بەڕێوەبەر و (٣٠٥) مامۆستادا دابەشکرابوون.

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا توێژەران گەیشتن بەم دەرئەنجامانە: رۆڵی باخچەی منداڵان لە روانگەی مامۆستایان و بەڕێوەبەری باخچەکان لە چاندنی بەهاکانی پەروەردەی رەوشتی لای منداڵان لە ئاستێکی بەرزدایە، بوونی جیاوازییەکی بەرچاو لە رووی ئامارییەوە لە رۆڵی باخچەی منداڵان لە چاندنی بەهاکانی پەروەردەی رەوشتی لە روانگەی مامۆستایان و بەڕێوەبەرەکانەوە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی بڕوانامەی ئەکادیمی (معلوف، عوامرة، ٢٠١٨: ١٧٩).

٣) توێژینەوەی (اسماعيل، ٢٠٠٩)

ئامانجی توێژینەوەکە زانینی رۆڵی چالاکییە پەروەردەییەکانە لە باخچەی منداڵانی ناحکومی لە شاری تەعز لە گەشەپێدانی منداڵانی باخچە لە روانگەی دایەبابەی منداڵانەوە، توێژەر میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە بۆ توێژینەوەکەی، ئامرازی توێژینەوەکە بریتی بوو لە کۆمەڵە پرسیارێك توێژەر لەڕێگەی چاوپێکەوتنی دایەبابەی منداڵانەوە ئاراستەی دەکردن، بژاردەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (٣٨) دایەبابەی منداڵانی باخچەی ناحکومی لە شاری تەعز.

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا توێژەر گەیشت بەم دەرئەنجامانە: لە لایەنی دەروونییەوە، چالاکییە پەروەردەییەکان یارمەتی منداڵان دەدەن بۆ ئەوەی بە باشی بیربکاتەوە و هۆشیاری دەروونی فراوانتر بکات و یارمەتی دەدات لە چەمکی کات تێبگات (پێش، دوای ماوەیەک)، لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە لێهاتوویی هاوڕێیەتی و تێکەڵبوون لەگەڵ کەسانی دیکە بەمنداڵ دەبەخشێت، هەروەها چەندین بەها و داب و نەریتی لەناو کۆمەڵگادا پێدەبەخشێت، وەک رێزگرتن لە کەسانی بەساڵاچوو،

sjh@univsul.edu.iq

میهرەبانی لەگەڵ گەنجان، لە لایەنی جووڵەییدا یارمەتی دەدات بە باشی دانیشتن و ڕۆیشتن و لێهاتوویی گرتنی قەڵەم لە کاتی نووسین یان وێنەکێشاندا پێدەبەخشێت (اسماعیل، ٢٠٠٩: ٢٨١).

**٢-٥- گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو**

**٢-٥-١- شوێن و ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوە:**

توێژینەوەکەی (علي، سليم، ٢٠١٨) لە وڵاتی عێراق ئەنجامدراوە، توێژینەوەکەی (معلوف، عوامرة، ٢٠١٨) لە وڵاتی ئوردن ئەنجامدراوە، توێژینەوەکەی (أسماعيل، ٢٠٠٩) لە وڵاتی یمن ئەنجامدراوە، توێژینەوەی بەردەستیش لە هەرێمی کوردستان – عێراق بۆ ساڵی ٢٠٢٣-٢٠٢٤ ئەنجامدراوە.

**٢-٥-٢- میتۆدی توێژینەوە:**

هەموو ئەو توێژینەوانەی سودیان لێوەرگیراوە لەم توێژینەوەیەدا، میتۆدی توێژینەوەی وەسفی شیکارییان بەکارهێناوە، ئەم توێژینەوەی بەردەستیش هەمان میتۆدی وەسفی شیکاری بۆ بەکارهێنراوە، ئەمەش منای وایە ئەم جۆرە ناونیشان و کێشانە بە میتۆدی توێژینەوەی وەسفی شیکاری پێویستە ئەنجامبدرێت.

**٢-٥-٣- گۆڕاوی پاشکۆ:**

گۆڕاوی پاشکۆی هەموو توێژینەوەکانی پێشوو کە لەم توێژینەوەیەدا سودیان لێوەگیراوە، باخچەی منداڵان بوون (ناحکومی، حکومی)، توێژینەوەی بەردەستیش گۆڕاوی پاشکۆکەی بریتییە لە باخچەی منداڵانی ناحکومی.

**٢-٥-٤- ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان:**

لە توێژینەوەکەی (علي، سليم، ٢٠١٨)، تاقیکردنەوەی تائی و هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆنی بەکارهێناوە لە توێژینەوەکەیدا، بەڵام لە توێژینەوەکەی (معلوف، عوامرة، ٢٠١٨)، ڕێژەی سەدی و هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن و ئەلفا کۆرنباخ و شیکردنەوەی جیاوازی یەکدانەی بەکارهێنراوە، بەڵام لە توێژینەوەکەی (أسماعيل، ٢٠٠٩)، ناوەندە شیاوی کێشی سەدی بەکارهێنراوە، لە توێژینەوەی بەردەست هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن و هاوکێشەی جتمان و ناوەندە شیاوی کێشی سەدی و تاقیکردنەوەی تائی بەکارهێنراوە.

**٢-٥-٥- ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو:**

لە توێژینەوەکەی (علي، سليم، ٢٠١٨) ئەنجامەکان بریتی بوون لە:

- باخچەی منداڵانی ناحکومی چێژ لە پلانێکی پەروەردەیی وەردەگرن کە بەشدارە لە کارلێکی پۆلدا.
- کەموکورتی لە پلانی خوێندن لە باخچەی منداڵانی حکومی هەیە.

بەڵام لە توێژینەوەکەی (معلوف، عوامرة، ٢٠١٨) ئەنجامەکان بریتی بوون لە:

- ڕۆڵی باخچەی منداڵان لە ڕوانگەی مامۆستایان و بەڕێوەبەری باخچەکان لە چاندنی بەهاکانی پەروەردەی ڕەوشتی لای منداڵان لە ئاستێکی بەرزدایە.
- بوونی جیاوازییەکی بەرچاو لە ڕووی ئامارییەوە لە ڕۆڵی باخچەی منداڵان لە چاندنی بەهاکانی پەروەردەی ڕەوشتی لە ڕوانگەی مامۆستایان و بەڕێوەبەرەکانەوە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی بڕوانامەی ئەکادیمی.

بەڵام لە توێژینەوەکەی (أسماعيل، ٢٠٠٩) ئەنجامەکان بریتی بوون لە:

- لە لایەنی دەروونییەوە، چالاکییە پەروەردەییەکان یارمەتی منداڵان دەدەن بۆ ئەوەی بە باشی بیربکاتەوە و هۆشیاری دەروونی فراوانتر بکات و یارمەتی دەدات لە چەمکی کات تێبگات (پێش، دوای ماوەیەک)، لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە لێهاتوویی هاوڕێیەتی و تێکەڵبوون لەگەڵ کەسانی دیکە بەمنداڵ دەبەخشێت.

- چەندین بەها و داب و نەریتی لەناو کۆمەڵگادا پێدەبەخشێت، وەک ڕێزگرتن لە کەسانی بەساڵاچوو، میهرەبانی لەگەڵ گەنجان.
- لە لایەنی جووڵەییدا یارمەتی دەدات بە باشی دانیشتن و ڕۆیشتن و لێهاتوویی گرتنی قەڵەم لە کاتی نووسین یان وێنەکێشاندا پێدەبەخشێت

لە کۆتاییدا دەگەین بەو ئەنجامەی کە ئەم توێژینەوەیە هاوشێوەی توێژینەوەکانی پێشوو میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە بۆ توێژینەوەکە، لە ڕووی هەڵبژاردنی گۆمەڵگە و بژاردەی توێژینەوەکەوە و دروستکردنی فۆرمی ڕاوەرگرییەوە سود وەرگیراوە لە توێژینەوەکانی پێشوو، لە ڕووی بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکانەوە سود وەرگیراوە لە توێژینەوەکانی پێشوو، هەروەها توێژەران سودیان وەرگرتووە لە توێژینەوەکانی پێشوو لەڕووی، کێشەی توێژینەوەکە، ئامانجی توێژینەوەکە، لایەنی تیۆری توێژینەوەکە.

**بەشی سێیەم: ڕێکارەکانی توێژینەوە (إجراءات البحث)**

**٣-١- میتۆدی توێژینەوەکە ( منهج البحث):**

توێژەران پشتیان بە میتۆدی توێژینەوەی ( وەسفی شیکاری) بەستووە، لەبەر گونجاوی ئەم میتۆدە لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکە.

**٣ ـ ٢ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە (المجتمع البحث ) :**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە مامۆستایانی باخچەی منداڵانی ناحکومي لە ناوەندی شاری سلێمانی، کە کۆی گشتیان بریتییە ( ٢٦١ ) مامۆستا لە (٣١) باخچەی منداڵانی ناحکومی

**٣ ـ ٣ بژاردەی توێژینەوەکە ( عينة البحث ) :**

بژاردەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (٧) باخچەی منداڵانی ناحکومی لە ناوەندی شاری سلێمانی، کە دەکاتە ڕێژەی (٢٢,٥٨٪) لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، خشتەی (١).

خشتەی (١)

بژاردەی باخچەی منداڵانی ناحکومی لە ناوەندی شاری سلێمانی

| ز | باخچەی منداڵان | ژمارەی مامۆستا | ڕێژە % |
|---|---|---|---|
| ١ | باخچەی منداڵانی ماد | ٥ | %٨,٧٧ |
| ٢ | باخچەی منداڵانی لیدەرس | ١٥ | %٢٦,٣١ |
| ٣ | باخچەی منداڵانی جیهان | ١٠ | %١٧,٥٤ |
| ٤ | باخچەی منداڵانی مەلیك | ٦ | %١٠,٥٢ |
| ٥ | باخچەی منداڵانی سەردەم | ١٤ | %٢٤,٥٦ |
| ٦ | باخچەی منداڵانی نۆستاڵجیا | ٢ | %٣,٥٠ |
| ٧ | باخچەی منداڵانی کەناری | ٥ | %٨,٧٧ |
| کۆی گشتی | | ٥٧ | %١٠٠ |

**٣-٤- ئامرازی توێژینەوە ( أداة البحث ) :**

هەر توێژینەوەیەك پێویستی بە ئامرازێك دەبێت بە مەبەستی وەرگرتن و کۆکردنەوەی داتا، بۆ ئەو مەبەستە توێژەران فۆرمێکی ڕاوەرگرییان ئامادەکرد بەشێوەی سەرەتایی، کە پێکهاتبوو لە (٣١) برگەی پرسیار، پاش دەرهێنانی ڕاستێتی ڕوکەشی و پاشان دەرهێنانی جێگیری بەشێوەی کۆتایی ئامادەبوو، کە ژمارەی برگەکانی بوو بە (٢٥) برگەی پرسیار، بەشێوەی لیکارتی (٣) دانەیی (بەڵێ، تاڕادەیەك، نەخێر)، خرایە بەردەستی بژاردەی سەرەکی توێژینەوەکە.

**٣-٥- ڕاستێتی ئامراز (صدق الأداة) :**

بەمەبەستی دەرهێنانی ڕاستێتی ئامرازەکە، توێژەران فۆرمی ڕاوەرگرییەکەیان خستە بەردەستی کۆمەڵێك پسپۆر و شارەزای بواری پەروەردە و دەروونی، پاشکۆی (١)، بەمەبەستی زانینی ڕا و بۆچونیان سەبارەت بە گونجاوی برگەکانی ڕاپرسیەکە بۆ مامۆستایانی باخچەی منداڵان، پاش گەڕاندنەوەی فۆرمەکان و بەکارهێنانی هاوکێشەی (جتمان) لەڕێگەی بەرنامەی (Spss)، ڕێژەی ڕاستێتی فۆرمی ڕاوەرگرییەکە بریتی بوو لە (٨٩٪) بەم شێوەیە ڕاستێتی ئامرازەکە گونجاوبوو بۆ بەکارهێنان.

**٣-٦- جێگیری ئامراز (ثبات الأداة):**

بۆ دەرهێنانی جێگیری توێژەران پەنایانبردە بەر وەرگرتنی بژاردەیەك لە نێو کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بەدەر لە بژاردەی سەرەکی توێژینەوەکە، بە شێوەی تاقیکردنەوە و دووبارە تاقیکردنەوە (test re test)، کە بریتی بوون لە (٢٨) مامۆستا لە لە باخچە ناحکومییەکانی ناوەندی شاری سلێمانی، جاری یەکەم لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٤/١٧، جاری دووەم لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٤/٣٠، لە ئەنجامدا جێگیری ئامرازەکە بەدەستهات، بە ئاستی (٠/٩١) بەپێی هاوکۆلکەی ئاماری پێرسۆن، خشتەی (٢).

**خشتەی (٢)**

**ناوەندەژمێری و لادانی پێوەری و هاوکۆلکەی پێرسۆن بۆ ئامرازی توێژینەوەکە**

| جێبەجێکردن | ژمارەی مامۆستا | ناوەندەژمێری | لادانی پێوەری | بەهای هاوکۆلکەی پێرسۆن |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| یەکەم جار | ٢٨ | ١١٦,٥٢١ | ٣,٧٤٤ | |
| دووەم جار | ٢٨ | ١١٤,٠٢٢ | ٤,٣٧٩ | ٠,٨٩ |

**٣-٧- جێبەجێکردنی ئامراز (تطبيق الأداة) :**

دوای دڵنیابوونەوە لە ڕاستێتی و جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە، توێژەران هەستا بە جێبەجێکردنی ئامرازی توێژینەوەکە، لە ڕێکەوتی (٥/٦/ ٢٠٢٤) لە باخچە ناحکومییەکانی ناوەندی شاری سلێمانی.

**٣-٨- ئامرازە ئامارییەکان (الوسائل الإحصائية) :**

بەمەبەستی شیکردنەوە و خستنەڕووی داتا و زانیارییەکان و دەستکەتنی ئەنجامەکان چەند ئامرازێکی پەروەردەیی بەکارهاتووە، کە ئەمانەن :-

١) هاوکێشەی جتمان:

بۆ زانینی ڕێژەی ڕانیبوونی پسپۆران لەسەر بڕگەکانی ڕاپرسییەکە بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستێتی ئامرازی ڕاپرسییەکە (ابراهیم، ٢٠٠٠، ٣٤٩).

٢) هاوکۆلکە پەیوەندی پێرسۆن:

بۆ دەرهێنانی جێگیری ئامرازی ڕاپرسیەکە بەشێوەی تاقیکردنەوە و دووبارە تاقیکردنەوە.

(الوکیل والمفتي، ٢٠٠٧: ٢٣٨)

٣) ناوەندی شیاوی (یەکلاییکەرەوە):

$$\text{ناوەندی شیاوی} = \frac{\text{ت١} \times ٥ + \text{ت٢} \times ٤ + \text{ت٣} \times ٣ + \text{ت٤} \times ٢ + \text{ت٥} \times ١}{\text{کۆی (ت)}}$$

(Fisher، ١٩٥٦: ٣٢٧)

بەپێی هاوکێشەکە، کێشی هەڵبژاردەکان بەم شێوەیە بوو:

ت١ = زۆر لەگەڵیم.

ت٢ = لەگەڵیم.

ت٣ = بێ لایەن.

ت٤ = لەگەڵی نیم.

ت٥ = دژ.

٣) کێشی سەدی:

$$\text{کێشی سەدی} = \frac{\text{ناوەندی شیاوی}}{\text{بەرزترین کێش}} \times ١٠٠$$

(الغریب، ١٩٨٧: ١٦٨)

٤) تاقیکردنەوەی تائی بۆ یەك بژاردە:

بۆ شیکردنەوەی داتا بەدەستهاتووەکان و زانینی ئاستی بەڵگەداری.

(البیاتي، ١٩٧٧: ٢٥٤)

## بەشی چوارەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان و گفتوگۆکردنیان

### ٤-١- خستنەڕووی ئەنجامەکان و گفتوگۆکردنیان

لەم بەشەدا توێژەران ئەنجامی توێژینەوەکە دەخەنەڕوو، لەبەر ڕۆشنایی ئامانجی توێژینەوەکە، بۆ گەیشتن بە ئەنجام توێژەران ئەم هەنگاوانەیان گرتووەتەبەر:

بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ یەك بژاردەی سەربەخۆ و دەرهێنانی ناوەندە شیاوی و کێشی سەدی بڕگە:

بەمەبەستی زانینی ڕۆڵی باخچە ناحکومییەکان لە گەشەپێدانی بەهای کۆمەڵایەتی لای منداڵان لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە لە

ناوەندی شاری سلێمانی، پاش بەدەستهێنانی داتا، توێژەران دەستیانکرد بە شیکردنەوەی داتا بەدەستهاتووەکان لەڕێگەی پاکێجی ئاماری زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە (SPSS)، لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی تائی یەك بژاردەیی (One sample t test)، پاشان ناوەندەشیاوی و کێشی سەدی بۆ بڕگەکان دەرهێنرا.

یەکەم: تەوەری گەشەپێدانی بەهای کۆمەڵایەتی لەڕێگەی تێکەڵاوبوونی منداڵانی دیکەوە، توێژەران تاقیکردنەوەی تائی بۆ یەك بژاردەی سەربەخۆ بەکارهێنا بۆ شیکردنەوەی داتاکانی ئەم تەوەرە، خشتەی (٣).

خشتەی (٣)

تاقیکردنەوەی تائی بۆ جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری و ناوەندی گریمانەیی نمرەی مامۆستایان لە بڕگەکانی تەوەرەی یەکەم

| ژمارەی بژاردە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوانەیی | ناوەندی گریمانەیی | هەڵەی پێوانەیی | نرخی تائی (T) | | لەئاستی بەڵگەداری ٠،٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ٥٧ | ٢٤٥/٣٧٥ | ٧/٢٢٢ | ٢٤ | ١/٠٢٨ | ٤٤/٠٢٦ | ٢/٣٦٥ | بەڵگەدارە |

ئەگەر تەماشای خشتەی (٣) بکەین ئەنجامەکانی شیکردنەوەی تائی بۆ یەك بژاردەی سەربەخۆ، ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە ناوەندەژمێری بریتییە لە (٢٤٥/٣٧٥) و لادانی پێوانەی بریتییە لە (٧/٢٢٢) بە پلەی ئازادی (٥٦)، بەراوردکردنی بەهای تائی ئەژمارکراو (٤٤/٠٢٦) بە بەهای تائی خشتەیی (٢/٣٦٥)، دەرکەوت کە بەڵگەدارە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تێکەڵاوبوونی منداڵان هۆکارە بۆ گەشەپێدانی بەهای کۆمەڵایەتی.

خشتەی (٤)

ناوەندەشاویی و کێشی سەدی بڕگەکانی تەوەرەی یەکەم

| ز | بڕگەکان | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | ناوەندە شیاوی | کێشی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | گوزارشت و وشەکانی (سوپاس، بە ئەرك نەبێت) بەکار دەهێنێت لەگەڵ منداڵانی تر. | ٣٢ | ١٠ | ٤ | ٥ | ٦ | ٣,٨٢ | ٧٦,٤٠ | ٦ |
| ٢ | پەیوەندی باش و ئەرێنیانەی هەیە لە گەڵ منداڵان دا. | ٣٠ | ١١ | ٧ | ٧ | ٢ | ٤,٢٢ | ٨٤,٥٦ | ٤ |
| ٣ | لە کاتی بینیی مامۆستا و منداڵانی تردا سڵاو و بەیانی باشیان لێدەکات. | ١١ | ١٢ | ٨ | ٢٠ | ٦ | ٢,٩٦ | ٥٩,٢٩ | ٨ |
| ٤ | ڕەگەزی خۆی دەناسێت و ڕێز لە تایبەتمەندییە جەستەییەکانی خۆی دەگرێت. | ١٥ | ١٦ | ٨ | ١٤ | ١ | ٣,٣٦ | ٦٧,٣٦ | ٧ |
| ٥ | ئارەزووی بەشداریکردنی کاری هەرەوەزی و پێکەوەی دەکات لە نێو پۆلدا. | ٣٨ | ١٣ | ٣ | ٤ | ٠ | ٤,٥٤ | ٩٠,٨٧ | ١ |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦ | تورەبوون و زوو هەڵچوونی پێوە دیارنییە لەکاتی گفتوگۆدا. | ٣٩ | ١١ | ٢ | ٣ | ٢ | ٤,٤٣ | ٨٨,٦٠ | ٢ |
| ٧ | خۆی دەگونجێنێت لەگەڵ منداڵانی هاوپۆلی. | ٣٠ | ١٥ | ١ | ١٠ | ١ | ٤,١٠ | ٨٢/١٠ | ٥ |
| ٨ | لە کارکردن بە شێوەی گروپ و هاوکاری منداڵانی تر چالاکە. | ٣٧ | ٧ | ٧ | | ٠ | ٤,٣١ | ٨٦,٣١ | ٣ |

بەپێی ئە زانیارییانەی لە خشتەی (٤) خراوەتەڕوو زۆربەی بڕگەکان سەرکەوتووبوون و ناوەندشیاوییان لەسەرووی ناوەندەژمێرییەوەیە، وەك بڕگەکانی (١،٢،٤،٥،٦،٧،٨)، بڕگەی (١) گوزارشت و وشەکانی (سوپاس، بە ئەرك نەبێت) بەکار دەهێنێت لەگەڵ منداڵانی تر، واتە دەستەواژە گونجاوەکان بەکار دەهێنێت لەگەڵ منداڵانی دیکەی هاو پۆلی، بڕگەی (٢) پەیوەندی باش و ئەرێنیانەی هەیە لە گەڵ منداڵان دا، واتە منداڵان توانای هونەری هاوڕێ گرتنیان بەهێزە، بڕگەی (٤) ڕەگەزی خۆی دەناسێت و ڕێز لە تایبەتمەندییە جەستەییەکانی خۆی دەگرێت، واتە منداڵان توانای ناسینی ڕەگەزی خۆی و ڕەگەزی بەرامبەریان هەیە، بڕگەی (٥) ئارەزووی بەشداریکردنی کاری هەرەوەزی و پێکەوەی دەکات لە نێو پۆلدا. بڕگەی (٦) تورەبوون و زوو هەڵچوونی پێوە دیارنییە لەکاتی گفتوگۆدا. بڕگەی (٧) خۆی دەگونجێنێت لەگەڵ منداڵانی هاوپۆلی. بڕگەی (٨) لە کارکردن بە شێوەی گروپ و هاوکاری منداڵانی تر چالاکە. بڕگەی (٣) سەرکەوتوو نەبووە و ناوەندەشیاوییەکەی لە خوار ناوەندەژمێرییەوەیە، ئەمەش ئاماژەی ئەوەیە، کە مامۆستایان کێشەیان هەیە لەگەڵ ئەوەی کە منداڵەکان لەکاتی هاتنەژوورەوەدا سڵاو بەیانی باش ناکەن لەگەڵ مامۆستا و منداڵانی دیکە دا.

دووەم: تەوەری گەشەپێدانی بەهای کۆمەڵایەتی لەپەیوەندی منداڵی باخچە و مامۆستا، توێژەران تاقیکردنەوەی تائی بۆ یەك بژاردەی سەربەخۆ بەکارهێنا بۆ شیکردنەوەی داتاکانی ئەم تەوەرە، خشتەی (٥).

خشتەی (٥)

تاقیکردنەوەی تائی بۆ جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری و ناوەندی گریمانەیی نمرەی مامۆستایان لە بڕگەکانی تەوەرەی دووەم

| ژمارەی بژاردە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوانەیی | ناوەندی گریمانەیی | هەڵەی پێوانەیی | نرخی تائی (T) | | لەئاستی بەڵگەداری ٠/٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ٥٧ | ٢١٠/٣٣٣ | ٩/٩٧٨ | ١٨ | ٠/٣٢١ | ١١/٧٨٤ | ٢/٥٧١ | بەڵگەدارە |

ئەگەر تەماشای خشتەی (٥) بکەین ئەنجامەکانی شیکردنەوەی تائی بۆ یەك بژاردەی سەربەخۆ، ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە ناوەندەژمێری بریتییە لە (٢١٠/٣٣٣) و لادانی پێوانەی بریتییە لە (٩/٢٢٢) بە پلەی ئازادی (٥٦)، بەراوردکردنی بەهای تائی ئەژمارکراو (٣٩/٩٧٨) بە بەهای تائی خشتەیی (٢/٥٧١)، دەرکەوت کە بەڵگەدارە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەیوەندی نێوان مامۆستا و منداڵانی باخچە هۆکارە بۆ گەشەپێدانی بەهای کۆمەڵایەتی لای منداڵان.

خشتەی (٦)

ناوەندەشاویی و کێشی سەدی بڕگەکانی تەوەرەی دووەم

| ز | بڕگەکان | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | ناوەندە شیاوی | کێشی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بۆ پێداویستییەکانی دەست هەڵدەبڕێت و پرسمان پێدەکات. | ٣١ | ١٠ | ٦ | ٧ | ٣ | ٤,٣١ | ٨٦,٣١ | ١ |
| ٢ | بە لەسەرخۆیی قسەدەکات لە کاتی گفتوگۆدا. | ٣٣ | ٩ | ٩ | ٦ | ٠ | ٤,٢١ | ٨٤,٢٠ | ٢ |
| ٣ | پرسیارەکانی لە کات و شوێنی گونجاو دەخاتەڕوو. | ٩ | ١١ | ١٨ | ٦ | ١٣ | ٢,٩٤ | ٥٨,٩٤ | ٥ |
| ٤ | هەوڵدەدات قسەکانی کورت و پوختبن و نەبنە مایەی بێزاری منداڵانی تر. | ٣١ | ٧ | ١٢ | ٧ | ٠ | ٤,٠٨ | ٨١,٧٥ | ٣ |
| ٥ | لەکاتی قسەکردن ئاماژەو گوزارشتی دەست و دەموچاو بەکاردەهێنێت. | ٢٩ | ١٢ | ٠ | ١٤ | ٢ | ٣,٩١ | ٧٨,٢٤ | ٤ |
| ٦ | بە بێ مۆڵەتی مامۆستا و لە خۆوە قسە ناکات. | ٨ | ٩ | ١٨ | ١١ | ١١ | ٢,٨٥ | ٥٧,١٩ | ٦ |

بەپێی ئە زانیارییانەی لە خشتەی (٦) خراوەتەڕوو زۆربەی بڕگەکان سەرکەوتووبوون و ناوەندشیاوییان لەسەرووی ناوەندەژمێرییەوەیە، وەك بڕگەکانی (١،٢،٤،٥)، بڕگەکانی (٣، ٦) سەرکەوتوو نەبووهن و ناوەندشیاوییەکەیان لە خوار ناوەندەژمێرییەوەیە، ئەمەش ئاماژەی ئەوەیە، کە مامۆستایان کێشەیان هەیە لەگەڵ ئەوەی کە منداڵەکان لەکات و شوێنی گونجا و پرسیار ناکەن و بە بێ مۆڵەت و لەخۆوە قسە دەکەن.

سێیەم: تەوەری گەشەپێدانی بەهای کۆمەڵایەتی لە بیرکردنەوەکانی منداڵی باخچە، توێژەران تاقیکردنەوەی تائی بۆ یەك بژاردەی سەربەخۆ بەکارهێنا بۆ شیکردنەوەی داتاکانی ئەم تەوەرە، خشتەی (٧).

خشتەی (٧)

تاقیکردنەوەی تائی بۆ جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری و ناوەندی گریمانەیی نمرەی مامۆستایان لە بڕگەکانی تەوەرەی سێیەم

| ژمارەی بژاردە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوانەیی | ناوەندی گریمانەیی | هەڵەی پێوانەیی | نرخی تائی (T) هەژمارکراو | نرخی تائی (T) خشتەیی | لەئاستی بەڵگەداری ٠/٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥٧ | ٢٢٤/٦٠٠ | ٨/٩٧٤ | ١٥ | ١/٧٤٧ | ١٤/٢١٤ | ٢/٧٧٦ | بەڵگەدارە |

ئەگەر تەماشای خشتەی (٧) بکەین ئەنجامەکانی شیکردنەوەی تائی بۆ یەك بژاردەی سەربەخۆ، ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە ناوەندەژمێری بریتییە لە (٢٢٤/٦٠٠) و لادانی پێوانەی بریتییە لە (٨/٩٧٤) بە پلەی ئازادی (٥٦)، بەراوردکردنی بەهای تائی ئەژمارکراو (١٤/٢١٤) بە بەهای تائی خشتەیی (٢/٧٧٦)، دەرکەوت کە بەڵگەدارە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بیرکردنەوەی منداڵان لە باخچەی ناحکومی دەرخەری گەشەپێدانی بەهای کۆمەڵایەتییە لای منداڵان.

خشتەی (٨)

ناوەندەشاویی و کێشی سەدی بڕگەکانی تەوەرەی سێیەم

| ز | بڕگەکان | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | ناوەندە شیاوی | کێشی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | لەکاتی یاریکردندا ڕێز لە یاساکانی یارییەکە دەگرێت و نۆبەی هاوڕێکانی دەدات. | ٣٤ | ١٢ | ٥ | ٥ | ١ | ٤,٤٣ | ٨٨,٦٠ | ١ |
| ٢ | بیرو بۆچونەکانی بەڕوونی دەخاتە ڕوو لەکاتی قسەکردندا. | ١٢ | ٧ | ١٣ | ١٦ | ٩ | ٢,٩٤ | ٥٨,٩٤ | ٥ |
| ٣ | جیاوازی دەکات لەنێوان بیرکردنەوەی دروست و نادروست. | ٢٦ | ١٥ | ٩ | ٦ | ١ | ٤,٠٣ | ٨٠,٦٠ | ٤ |
| ٤ | قسە و ڕەفتاری ماڵەوە (دایە بابە) ناگوازێتەوە بۆ نێو منداڵانی تر. | ٢٩ | ١١ | ٩ | ٧ | ١ | ٤,٠٥ | ٨١,٠٥ | ٣ |
| ٥ | لێهاتووە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی. | ٣٣ | ١٠ | ٨ | ٦ | ٠ | ٤,٢٢ | ٨٤,٤٠ | ٢ |

بەپێی ئە زانیارییانەی لە خشتەی (٨) خراوەتەڕوو زۆربەی بڕگەکان سەرکەوتووبوون و ناوەندشیاوییان لەسەرووی ناوەندەژمێرییەوەیە، وەك بڕگەکانی (١،٣،٤،٥)، بڕگەی (٢) سەرکەوتوو نەبووە و ناوەندشیاوییەکەی لە خوار ناوەندەژمێرییەوەیە، ئەمەش ئاماژەی ئەوەیە، کە مامۆستایان کێشەیان هەیە لەگەڵ ئەوەی کە منداڵەکان لەکاتی قسەکردندا بیروبۆچوونەکەی بەڕوونی ناخاتەڕوو.

چوارەم: تەوەری گەشەپێدانی بەهای کۆمەڵایەتی لە دوورکەتنەوەی منداڵ لە خۆپەرستی، توێژەران تاقیکردنەوەی تائی بۆ یەك بژاردەی سەربەخۆ بەکارهێنا بۆ شیکردنەوەی داتاکانی ئەم تەوەرە، خشتەی (٩).

خشتەی (٩)

تاقیکردنەوەی تائی بۆ جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری و ناوەندی گریمانەیی نمرەی مامۆستایان لە بڕگەکانی تەوەرەی چوارەم

| ژمارەی بژاردە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوانەیی | ناوەندی گریمانەیی | هەڵەی پێوانەیی | نرخی تائی (T) هەژمارکراو | نرخی تائی (T) خشتەیی | لەئاستی بەڵگەداری ٠/٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥٧ | ٢٢٤/٦٦٧ | ٧/٧٢٦ | ١٨ | ١/٠٣٥ | ١٢/١٣٢ | ٢/٥٧١ | بەڵگەدارە |

ئەگەر تەماشای خشتەی (٩) بکەین ئەنجامەکانی شیکردنەوەی تائی بۆ یەك بژاردەی سەربەخۆ، ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە ناوەندەژمێری بریتییە لە (٢٢٤/٦٦٧) و لادانی پێوانەی بریتییە لە (٧/٧٢٦) بە پلەی ئازادی (٥٦)، بەراوردکردنی

بەهای تائی ئەژمارکراو (١٧/٠٣٥) بە بەهای تائی خشتەیی (٢/٥٧١)، دەرکەوت کە بەڵگەدارە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە منداڵانی باخچەی ناحکومی دوورن لە خۆپەرستی و بەهای کۆمەڵایەتییان گەشەیکردووە.

خشتەی (١٠)

ناوەندەشاویی و کێشی سەدی برگەکانی تەوەرەی چوارەم

| ز | برگەکان | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | ناوەندە شیاوی | کێشی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕێز لە بۆچوونی منداڵانی تر دەگرێت، خۆپەرست نییە. | ٣٥ | ٩ | ٨ | ٥ | ٠ | ٤,٢٩ | ٨٥,٩٦ | ٣ |
| ٢ | لە هونەری هاوڕێ گرتندا سەرکەوتووە. | ٤٠ | ٩ | ٤ | ٦ | ٠ | ٤,٥٦ | ٩١,٢٠ | ٢ |
| ٣ | بیرکردنەوە و بۆچونی هاوڕێکانی بەلاوە گرنگە. | ٩ | ١٦ | ١٠ | ١٥ | ٧ | ٣/٠٨ | ٦١/٧٥ | ٥ |
| ٤ | وشەی نەشیاو بە منداڵانی تر ناڵێت لە کاتی یارییەکاندا. | ٤١ | ١٢ | ٢ | ٢ | ٠ | ٤,٦١ | ٩٢,٢٨ | ١ |
| ٥ | دان بەهەڵەکانیدا دەنێت و داوای لێبووردن دەکات لە منداڵانی تر. | ١٠ | ٧ | ١١ | ١٩ | ١٠ | ٢,٩٦ | ٥٩,٢٩ | ٦ |
| ٦ | گەر پێویستی کرد داوای یارمەتی لە منداڵانی تر دەکات. | ٣٠ | ٨ | ١٥ | ٤ | ٠ | ٤,١٢ | ٨٢,٤٥ | ٤ |

بەپێی ئە زانیارییانەی لە خشتەی (١٠) خراوەتەڕوو زۆربەی برگەکان سەرکەوتووبوون و ناوەندشیاوییان لەسەرووی ناوەندژمێرییەوەیە، وەك برگەکانی (١،٢،٣،٤،٦)، برگەی (٥) سەرکەوتوو نەبووە و ناوەندەشیاوییەکەی لە خوار ناوەندژمێرییەوەیە، ئەمەش ئاماژەی ئەوەیە، کە مامۆستایان کێشەیان هەیە لەگەڵ ئەوەی کە منداڵەکان لەکاتی ئەنجامدانی هەڵەکانیاندا دانی پێدانانێن و داوای لێبوردن ناکەن، ئەمەش بەراورد بە توێژینەوەکانی پێشوو چاوەڕوانکراوبووە بۆ توێژەران و چونکە ئەنجامی نزیك لەم ئەنجامە لە توێژینەوەکانی پێشوویش هەبووە.

## ١- بەشی پێنجەم: دەرئەنجامەکان و ڕاسپاردەکان و پێشنیازەکان

### ٥-١- دەرئەنجامەکان

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا توێژەران گەیشتن بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

١- باخچە ناحکومیەکان گرنگی زۆر بە لایەنی ئەتەکێت و بەهای منداڵان دەدەن و ئەمەش وایکردووە منداڵان لەڕووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرکەوتووبن.

٢- پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەنێوان منداڵانی باخچەی ناحکومی لە ئاسێکی بەرزدایە.

٣- مامۆستایان گرنگی زۆر بەلایەنی بەهای کۆمەڵایەتی منداڵان دەدەن.

**٥-٢- ڕاسپاردەکان**

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا توێژەران ئەم چەند ڕاسپاردەی خوارەوە ئاراستەی لایەنی پەیدەندیدار دەکەن، لەوانە:

١- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی پەیوەندی دروست بکات لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی بەشی خوێندنی ناحکومی و خوێندنی حکومی بەمەبەستی توندوتۆڵ کردنی باخچە حکومییەکان.
٢- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی لەڕێگەی بەشی خوێندنی ناحکومییەوە پێشبڕکێ دروستبکات لەنێوان باخچە ناحکومییەکاندا بۆ زیاتر پەرەدان بە تواناکانی منداڵ و گەشەپێدانی بەها و پەیوەندی کۆمەڵایەتی.

**٥-٣- پێشنیازەکان**

توێژەران پێشنیازی چەند ناونیشانێکی نزیك لە ناونیشانی سەرەکی ئەم توێژینەوەیان کردوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا توێژەرانی دیکە توێژینەوەی لەسەر ئەنجام بدەن، لەوانە:

١- بەراوردکردنی باخچەی حکومی و ناحکومی لەڕووی گەشەپێدانی بەهای کۆمەڵایەتی لای منداڵان لە ناوەندی شاری سلێمانی.
٢- کوالیتی باخچە ناحکومییەکانی ناوەندی شاری سلێمانی بەپێی مەرج و ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە.

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم: بەزمانی کوردی:**


١- احمد، شێرزاد علی (٢٠١٦)، کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژییەتی هەژاندنی هزری لە بەدەستهێنانی دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و گەشەپێدانی پاڵنەری زانیاری لە وانەگوتنەوەی بابەتی مێژوودا، ماستەرنامەی بڵاو نەکراوە، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر.
٢- حمەبابان، احمد عەلی، نازنین محمود قادر، سۆلاڤ فائق شەمەیی (٢٠١٨)، گوڵبژێرێك لەبابەتی پێش چوونە قوتابخانە، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
٣- قەرەچەتانی، کەریم شەریف (٢٠٠٩)، سایکۆلۆژیای گەشە منداڵ و هەرزەکار، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.


**دووەم: بەزمانی عەرەبی:**


٤- ابراهيم، مروان عبدالمجيد (٢٠٠٠)، الاحصاء الوصفي والإستدلالي، الطبعة الاولى، دار الفكر للطباعة والنشر، عمان – الاردن.
٥- اسماعيل، فائزة عبدالله قحطان (٢٠٠٩)، دور الأنشطة التربوية برياض الاطفال الأهلية في مدينة تعرفي تنمية طفل الروضة من وجهة نظر المربيات، مجلة بحوث والدراسات التربوية العدد (٥).
٦- البواريد، تمام جميل خلف (٢٠٢٢)، دور رياض الأطفال في التنشئة الاجتماعية، المجلة العربية، للنشر العلمي، الإصدار الخامس، العدد خمسون.

٧- البياتي، عبدالجبار توفيق وزكريا زكي ائناسيوس (١٩٧٧)، الاحصاء الوصفي والاستدلالي في التربية وعلم النفس، طبع الاولى، كلية التربية ابن رشد – جامعة بغداد.

٨- جردات، احمد نادر (٢٠١٩)، الطفل الكفيف، الاكاديميون للنشر والتوزيع، طبعة الاولى.

٩- جرمگا، جلال (٢٠١٤)، تأريخ مدينة السليمانية ... تشيد المدينة، مجلة الكاردينيا، مجلة ثقافية العامة، https://www.algardenia.com/٢٠١٤.

١٠- الحسين، عزي (٢٠١٤)، الأسرة ودورها في تنمية القيم الاجتماعية لدى الطفل في مرحلة الطفولة المتأخرة، رسالة ماجستير ير منشورة، جامعة مولود معمري - تيزى وزو.

١١-رفيقة، يخلف (٢٠١٤)، دور رياض الأطفال في النمو الاجتماعي للطفل، مجلة الاكاديمية للدراسات الاجتماعية الإنسانية، العلوم الاجتماعية، جامعة حسيبة بن ابو علي بالشلف - الجزائر، العدد (١١).

١٢-زويش، عيدية وفاطمة الزهراء شطبيي (٢٠٢٢)، دور رياض الأطفال في غرس القيم الاجتماعية لدى الطفل (دراسة ميدانية)، مجلة البحوث التربوية والتعليمية، المجلد (١١)، العدد (٣).

١٣-السماحي، زينب موسى واخرون (٢٠٢٠)، دور الرياض الأطفال في تنمية المسئولية الاجتمايةلدى طفل الروضة، المجلة العلمية الكلية رياض الأطفال، جامعة بورسعيد، العدد (السادس عشر).

١٤-الشمري، عبد القيب عبده حزام (٢٠٠٨)، أثر برنامج تدريبي في تنمية التفكير البتكاري لدى اطفال الروضة بمدينة تعز، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة تعز، الجمهورية اليمنية.

١٥-الطاهر، عبدالله فتحي وعلي أحمد خضر المعماري (٢٠١٤)، أثر القنوات الفضائية في القيم الاجتماعية والسياسية، ط١، دار عيذار للنشر والتوزيع، عمان.

١٦-علي، رحاب حسين وأمل داود سليم (٢٠١٨)، الخطة التربوية لرياض الأطفال الاهلية والحكومية في العراق، جامعة بغداد، كلية التربية للبنات.

١٧-عمر، أمنيه احمد سعد (٢٠٢٢)، القيم الاجتماعية وعلاقتها بتنشئة الأطفال، مجلة كلية الآداب بقنا، جامعة جنوب الوادي، العدد (٥٥).

١٨-الغريب، رمزية (١٩٨٧)، التقويم والقياس النفسي والتربوي، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.

١٩-مجلي، الخزاعلة عبدالله غفلة (٢٠٠٩)، الصراع بين القيم الاجتماعية والقيم التنضيمية في الادارة التربوية، دار حامد، الأردن.

٢٠-المرسومي، ليلى يوسف كريم (٢٠٠٨)، فاعلية برنامج سلوكي في تعديل سلوك أطفال الروضة المضطربين بتشتت الانتباه وفرط النشاط الحركي في مدينة تعز، اطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية التربية، جامعة تعز، الجمهورية اليمنية.

٢١-مسعود، امال سيد (٢٠٠٥)، رياض الأطفال في مصر (دراسة تقويمية) بين الواقع والمأمول، مستقبل التربية العربية، تصدر عن المركز العربي للتعليم والتنمية، المجلد (١١)، العدد (٣٧).

٢٢-معلوف، لينا ماج سليمان و عبدالسلام فهد نمر العوامرة (٢٠١٨)، دور رياض الاطفال في غرس قيم التربية الاخلاقية لدى اطفالها من وجهة نظر المعلمات والمديرات في محافظة عمان العاصمة، مجلة دراسات العلوم التربوية، الجامعة الاردنية، المجلد (٤٥)، العدد (٤)، ملحق (٢).

٢٣-المعلوف، لينا ماجد سليمان وعبدالسلام فهد نمر العوامرة (٢٠١٨)، دور رياض الأطفال في غرس قيم التربية الأخلاقية لدى أطفالها من وجهة نظر المعلمات والمديرات في محافظة عمان العاصمة، مجلة دراسات العلوم التربوية، المجلد(٤٥)، العدد (٤)، ملحق (٢).

٢٤-مليكة، لويس كامل (١٩٦٤)، سيكولوجية الجماعات والقيادة، جزء الثالث، النظريات والبحپ في دينامية الجماعة، مطبعة العالم العربي، القاهرة.

٢٥-موصوعه العريق، https://areq.net/m.

٢٦-وزاره التربيه (٢٠٠٧)، نظام رياض الاطفال في العراق، المديريه العامه التعليم العام، مديرية رياض الاطفال.

٢٧-الوكيل، حلمى احمد ومحمد امين المفتي (٢٠٠٧)، أسس بناء المناهج وتنظيماتها، مطبعة حسان، القاهرة – مصر.

**سێیەم: بەزمانی فارسی:**

٢٨-قنبرلو، سلمان ومسعود غالملحى الواسانى و جواد اژەای (٢٠١٥)، رابطه خوش بينى علمى و هوشهيجانى معلمان بپيشرفت تحصيلى دانش أموز، مجله روانشناسى، شماره (٣).

**چوارەم: بەزمانی ئینگلیزی:**

٢٩-Fisher (١٩٥٥)، Euqence C "International Survey of the Beginning Teacher" in Yauch، Wilbur A and Other. The Beginning Teacher, Henry Holt, New York.

**ملخص البحث:**

هدفت هذه الدراسة إلى تحديد دور رياض الأطفال غير الحكومية في تنمية القيم الاجتماعية لدى الأطفال من وجهة نظر المعلمات في مركز السليمانية، وذلك بإعتماد المنهج الوصفي التحليلي من خلال إعداد استمارة الاستبيان. وذلك من خلال الاستفادة من الدراسات السابقة والمشابهة للدراسة الحالية، وبعد التأكد من دقة أداة البحث قام الباحثان بتطبيقها على مجتمع رياض الأطفال غير الحكومية في مركز السليمانية للعام الدراسي ٢٠٢٣-٢٠٢٤، والبالغ عددها (٣١) رياض الأطفال غير حكومية المرخصة من قبل وزارة التربية والتعليم في حكومة إقليم كردستان، بينما بلغت عينة البحث (٧) من رياض الأطفال غير الحكومية، وكانت أهم الوسائل الإحصائية المستخدمة هي معادلة جتمان الإحصائية، معامل الارتباط بيرسون، وسط المرجح والوزن المئوي، وكانت أهم النتائج:

- تولي رياض الأطفال غير الحكومية اهتماما كبيراً بأخلاقيات الطفل وقيمه، مما جعل الأطفال ناجحين في علاقاتهم الاجتماعية.

- العلاقات الاجتماعية بين الأطفال في رياض الأطفال غير الحكومية على مستوى عال.

- يولي المعلمون اهتماما كبيرا بالقيم الاجتماعية للأطفال.

وأخيرا قدم الباحثان عدة توصيات واقتراحات.

الكلمات المفتاحيه: ( دور ، رياض الاطفال غير الحكومية، القيم الأجتماعية، مدينة السليمانية )

**Abstract**

This study aimed to determine the role of non-governmental kindergartens in developing social values in children from the point of view of teachers in the Sulaymaniyah Center, by adopting the descriptive analytical approach by preparing a survey form. This was done through preparation using other studies close to the title of this research, and after ensuring the accuracy of the research tool, the researchers applied it to the community of non-governmental kindergartens in the Sulaymaniyah Center for the academic year ٢٠٢٣-٢٠٢٤, which numbered (٣١) non-governmental kindergartens licensed by The Ministry of Education in the Kurdistan Regional Government. The research sample was (٧) non-governmental kindergartens. The most important statistical tools used were the Guttman statistical equation, the Pearson correlation coefficient, the weighted mean and the percentage weight. The most important results were:

- Non-governmental kindergartens pay great attention to the child's morals and values, which has made the children successful in their social relationships.

- Social relations between children in non-governmental kindergartens are at a high level.

- Teachers pay great attention to children's social values.

Finally, the researchers presented several recommendations and suggestions.

**پاشکۆی ژمارە (١) ناوی پسپۆران بۆ دەرهێنانی ڕاستێتی فۆرمی ڕاپرسی**

| ز | ناوی سیانی | پسپۆری | نازناوی زانستی | شوینی کارکردن |
|---|---|---|---|---|
| .١ | د.رزگار حمەلاو خالد | ڕێگاکانی وانەگوتنەوە | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی سلێمانی |
| .٢ | د.کارزان محمد عارف | ڕێگاکانی وانەگوتنەوە | مامۆستا | زانکۆی سلێمانی |
| .٣ | د.شارا رووف صالح | ڕێگاکانی وانەگوتنەوە | مامۆستا | زانکۆی سلێمانی |
| .٤ | د.نارین کمال سعید | ڕێگاکانی وانەگوتنەوە | مامۆستا | زانکۆی سەلاحددین – هەولێر |
| .٥ | د.رەوا صالح محمد | ڕێگاکانی وانەگوتنەوە | مامۆستا | زانکۆی سەلاحددین – هەولێر |
| .٦ | د. ئەژی حمە قاضي | ڕێگاکانی وانەگوتنەوە | مامۆستا | زانکۆی سلێمانی |
| .٧ | د.کوردستان محمد ئازاد | ڕێگاکانی وانەگوتنەوە | مامۆستا | زانکۆی سلێمانی |